# وەقایعی کوردستان


رۆژنامەی رەسمی هەرێمی کوردستانە - وەزارەتی داد دەری دەکات

ژمارە (١٧٨) ساڵی چواردەیەم ٤ / ئەیلول /٢٠١٤ زاینیی ١٣/ گەلاوێژ / ٢٧١٤کوردی ١٠ / ذو القعدة / ١٤٣٥ کۆچی


# 178

## لەم ژمارەیەدا :


یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٤ — ل ١

یاسای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی

یاسای ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٤ — ل ١٠

یاسای پێدانی بودجەی حزبەکان لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق

رێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٤ وەزارەتی ناوخۆ — ل ١٢

رێنمایی تایبەت بە بەکارهێنانی ئۆتۆمبیلی میری

روونکردنەوەی پەرلەمانی کوردستان — ل ١٤

تایبەت بە هەڵەی ماددی لە یاسای هاتووچۆ

بەیانی ساڵی ٢٠١٤وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو — ل ١٥

بەیانی ژمارە( ٨٩-٩٠ )ی ساڵی٢٠١٤وەزارەتی تەندروستی — ل ١٥



http//: www.mojkurdistan.com

ناونیشان: هەولێر - چوار ڕیانی فرنسۆ میتران باڵەخانەی وەزارەتی داد.

☎ :(٢٢٤٥٥٠٨-٢٦٤٨٩٨٩-٢٢٤٥٥٠٧-٢٢٤٥٥١٤)

# وقائع كوردستان

الجريدة الرسمية لأقليم كوردستان - تصدر من قبل وزارة العدل

العدد (١٧٨) السنة الرابعة عشرة ٤ / أيلول / ٢٠١٤ميلادي ١٣ / گەلاویژ/ ٢٧١٤كوردي ١٠ / ذو القعدة / ١٤٣٥هجري


178

## في هذا العدد:


**قانون رقم (٤) لسنة ٢٠١٤** ص ١٨

قانون المفوضية العليا المستقلة للانتخابات والاستفتاء

**قانون رقم (٥) لسنة ٢٠١٤** ص ٢٥

قانون تمويل الأحزاب في إقليم كوردستان - العراق

**فهرست المواضيع باللغة الكوردية فقط**

**تعليمات رقم (١) لسنة ٢٠١٤ وزارة الداخلية** ص ١٢

**بيان لسنة ٢٠١٤ وزارة الزراعة والموارد المائية** ص ١٥

**بيان رقم (٨٩-٩٠) لسنة ٢٠١٤ وزارة الصحة** ص ١٥



No.: 178 Date: September , 4, 2014 Vol.: 14



العنوان : اربيل- تقاطع فرنسو ميتران - بناية وزارة العدل

(٢٢٤٥٥١٤-٢٢٤٥٥٠٧-٢٢٤٥٥٠٧-٢٦٤٨٩٨٩-٢٢٤٥٥٠٨)

http//: www.mojkurdistan.com



السعر (١٥٠٠) دينار

بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان

**هەرێمی کوردستان - عێراق**
**سەرۆکایەتی هەرێم**
**سەرۆك**

**بەناوی گەلەوە**
**بــڕیــار**
**ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠١٤**

**بە پێی ئەو دەسەڵاتەی لە بڕگەی (١) ی ماددەی (١٠) ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠٠٥ ی هەموارکراو پێمان دراوەو، بە پاڵپشتی ئەو یاساکارییەی پەرلەمانی کوردستان – عێراق کردویەتی لە دانیشتنی ژمارە (١٨) لە ٢٣/ ٧/ ٢٠١٤ بریارماندا بە دەرکردنی:**

**یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٤**
**یاسای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی**
**بەشی یەکەم**

**ماددەی یەکەم:**

**مەبەست لەم دەستەواژە ودەربڕینانەی کە لە خوارەوە دا هاتوون بریتییە لەو مانایانەی کە لەبەرامبەریاندا دیاریکراوە بۆ مەبەستی ئەم یاسایە:**

**یەکەم: پەرلەمان: پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق.**

**دووەم: کۆمسیۆن: کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان و ڕاپرسی.**

**سێیەم: هەرێم: هەرێمی کوردستان ـ عێراق.**

**چوارەم: ئەنجوومەن: ئەنجوومەنی کۆمسیاران.**

**بەشی دووەم**

**ماددەی دووەم:**

**یەکەم: بەگوێرەی ئەم یاسایە دەستەیەك دادەمەزرێ لە ژێر ناوی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی بۆ ئەوەی ببێتە تاکە دەسەڵات (السلطة الحصرية) کە ڕێکاری هەموو هەڵبژاردن و ڕاپرسییەگشتییەکان ئەنجام دەدا لەسەر ئاستی سەرتاسەری کوردستان ـ عێراق.**

**دووەم: بارەگای سەرەکی کۆمسیۆن لە پارێزگای هەولێری پایتەخت دەبێ و، بەگوێرەی پێویست نووسینگەکانی خۆی لە ناوەندی پارێزگاکان و یەکە ئیدارییەکاندا دەکاتەوە.**

**ماددەی سێیەم:**

**کۆمسیۆن دەستەیەکی پیشەیی سەربەخۆ و بێلایەنە و خاوەن کەسایەتی مەعنەویی خۆیەتی و ملکەچە بۆ چاودێریی پەرلەمان و بەرپرسیاریشە لە بەرامبەریدا.**

**ماددەی چوارەم:**

**کۆمسیۆن ئەمانەی خوارەوە دەگرێتە ئەستۆ:**

**یەکەم: دانانی بنەما و ڕێسای کارپێکراوی نێودەوڵەتی بۆ هەڵبژاردنەکان و راپرسییە گشتییەکان کە لەسەرتاسەری کوردستان ـ عێراقدا ئەنجام دەدرێن بۆ زامن کردنی جیبەجێکردنی بە شێوەیەکی بێگەرد و دادپەروەرانە.**

**دووەم: سەرپەرشتی کردنی هەڵبژاردن و ڕاپرسییە گشتییەکان لەسەرتاسەری کوردستانی عێراقدا.**

**سێیەم: جاڕدانی وادەی هەڵبژاردنەکان و ڕاپرسییە گشتییەکان بە گوێرەی یاسا کارپێکراوەکان.**

**چوارەم: ڕێکخستن و جێبەجێ کردنی هەموو جۆرە هەڵبژاردنەکان و ڕاپرسییە گشتییەکان لەسەرتاسەری کوردستانی عێراق.**

**پێنجەم: بەڕێوەبردنی پرۆسەی تۆمارکردنی دەنگدەران و ڕێکخستن و نوێ کردنەوەی تۆمارەکانیان بۆ مسۆگەر کردنی مافی هەڵبژاردنیان.**

**شەشەم: تۆمار کردنی لیستەکانی هەڵبژاردن و هاوپەیمانییەکان و پەسەند کردنیان، بەگوێرەی یاسا پەیوەندیدارەکان.**

**حەوتەم: ڕێکخستن و جێبەجێ کردنی پڕۆسەی تۆمارکردنی نوێنەرانی لیستەکانی هەڵبژاردن و چاودێرانی هەڵبژاردن لە ڕێکخراو و ڕاگەیاندکارە نێودەوڵەتی و ناوخۆییەکان و ئەوانی تر.**

**هەشتەم: ڕێکخستن و ئەنجام دانی پرۆسەی ژماردن و جیاکردنەوەی دەنگی دەنگدەران و ئاشکراکردنی ئەنجامەکان لەناو وێستگەکاندا بەمەرجێك کیانەکان هەر یەکە و دانەیەك لە ڕاپۆرتی ژماردن و جیاکردنەوەیان پێ بدرێ.**

**نۆیەم: ئاشکرا کردنی ئەنجامە بەراییەکانی هەڵبژاردنەکان و راپرسییەکان بەمەرجێك لە (٧٢) حەفتا ودووکاتژمێر تێپەڕنەکات و، هەروەها ئەنجامە کۆتاییەکان دوای ئەوەی لەلایەن دەسەڵاتی دادوەریی تایبەتمەندەوە پەسەند دەکرێن.**

**دەیەم: کارکردن بۆ دروستکردنی متمانە لە پرۆسەی هەڵبژاردندا لای گشت توێژەکانی کوردستان و چەسپاندنی رۆشنبیریی هەڵبژاردن لە رێی درێژەدان بە پەیوەندی لەگەڵ گشت هاوبەشەکانی پرۆسەی هەڵبژاردنەوە.**

## بەشی سێیەم
## پێکهاتەکانی کۆمسیۆن

**ماددەی پێنجەم:**

**کۆمسیۆن پێکدێت لە:**

**یەکەم: ئەنجوومەنی کۆمسیاران**

**دووەم: کارگێریی هەڵبژاردن**

**یەکەم: ئەنجومەنی کۆمسیاران:**

١- ئەنجومەنی کۆمسیاران: لە (٩) نۆ ئەندام پێك دێ کە لەلایەن پەرلەمانەوە بە زۆرینەی ڕەهای ئەندامانی هەڵدەبژێردرێن دوای ئەوەی لەلایەن لیژنەیەکی تایبەتەوە کە پەرلەمان پێکیدەهێنێ پێشنیاز دەکرێن، بەمەرجێك دوو ئەندامی ئەنجومەن بەلانی کەمەوە یاساناس بن هەروەها دەبی نوێنەرایەتی ئافرەتان و پێکهاتەکان مسۆگەر بکرێ و، ماوەی کارکردنی ئەنجوومەنەکەش (٥)پێنج ساڵی رۆژ ژمێرییە.

٢- ئەوەی بۆ ئەنجوومەن هەڵدەبژێردرێ دەبێ ئەم مەرجانەی خوارەوەی تێدابێت:

أ- هاوولاتی کوردستان ـ عێراق بێ و بەبەردەوامی تێیدا نیشتەجێ بێ.

ب- بەلانی کەمەوە دەبێت خاوەنی بڕوانامەی بەرایی زانکۆیی بێت.

ج-تەمەنی لە (٣٠) سی ساڵ کەمتر نەبێ.

د-خاوەن ئەزموون بێت و توانا و دەستپاك بێت و بێلایەنی سەلمێنراو بێ.

هـ- خاوەن رەفتار و ڕابردویەکی چاك بێت و، بە تاوانێکی ئابڕوبەر حوکم نەدرابێت.

و- بەشداری نەکردبێ لەو تاوانانەی کە لەلایەن رژێمی بەعسەوە پلانی بۆ داڕێژرابێت یان ئەنجام درابێ بۆ سەرکوتکردنی گەلی کوردستان و گشت گەلانی عێراق و هەروەها بەعسی نەبوو بێت بە گوێرەی یاسای ژمارە (١٨)ی ساڵی ٢٠٠٣.

ز- ئینیتمای بۆ هیچ پارتێکی سیاسی نەبێ لەکاتی ئەندامیەتیدا لە ئەنجومەن.

٣- ئەندامانی ئەنجومەن سوێندی یاسایی لەبەرامبەر ئەنجوومەنی دادەوەریی هەرێمدا دەخۆن و بەگوێرەی ئەم داڕشتنە: ((سوێند بەخوای مەزن دەخۆم کە بەرپرسیارییەتییە یاساییی و پیشەییەکەم بە ئەمانەت و بە لەخۆ بووردیی و دڵسۆزییەوە جێبەجێ بکەم و کاربکەم بۆ ڕا پەراندنی ئەرکەکانی سەرشانم بە سەربەخۆیی و بێلایەنی و، خوا شایەدە لەسەر ئەوەی دەیڵێم)) .

٤-

أ- ئەنجوومەن لەیەکەم دانیشتنیدا بەزۆرینەی دوو لەسەر سێی ژمارەی ئەندامەکانی سەرۆك و جێگر و بڕیاردەری ئەنجوومەن و سەرۆکی کارگێڕیی هەڵبژاردن هەڵدەبژێرێ.

ب-سەرۆکی ئەنجوومەن نوێنەری یاسایی کۆمسیۆنە.

٥- سەرۆکی ئەنجوومەن یان ئەوەی نوێنەرایەتی دەکات ئەم دەسەڵاتانە جێبەجێ دەکات:

أ- بەڕێوەبردنی کارە کارگێری و رێکخستنیەکانی ئەنجومەن.

ب- ئامادەکردنی کارنامەی کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەن و گرێدان و سەرۆکایەتی کردنی و، بەو کۆبوونەوانەشی کە سێ ئەندام لە ئەندامانی ئەنجوومەن بەلانی کەمەوە داوای دەکەن.

ج- هەر ئەرکێکی تر کە ئەنجوومەن پێی بسپێرێ.

٦- کۆبوونەوەی ئەنجوومەن دروستە بە ئامادەبوونی زۆرینەی ڕەهای ژمارەی ئەندامەکانی و بڕیارەکانیشی بە زۆرینەی ئامادەبووان وەردەگیرێ و لەکاتێکدا ئەگەر دەنگەکان یەکسان بوون ئەو لایەنە براوە دەبێ کە سەرۆك دەنگی لەگەڵ داوە.

دووەم: کارگێڕیی هەڵبژاردن:

١- کارگێڕیی هەڵبژاردن پێکدێ لە نووسینگەی گشتی و نووسینگەی هەڵبژاردنەکان لە پارێزگاکان و یەکە کارگێڕییەکان بە گوێرەی ئەو هەیکەلەی لەلایەن کارگێڕیی هەڵبژادنەوە پێشنیاز کراوە و لەلایەن ئەنجوومەنەوە پەسەند کراوە.

٢- کارگێڕیی هەڵبژاردن بەرپرسیارییەتی جێبەجێ کردنی ئەو پەیڕەو و رێنماییانە دەگرێتە ئەستۆ کە لەلایەن ئەنجوومەنەوە دەرچون، هەروەها بەڕێوەبردنی گشت ئەو چالاکیانەی کە مۆرکی پرۆسەگیری و جێبەجێکاری یان رێکارییان هەیە.

## بەشی چوارەم

## دەسەڵاتەکانی ئە نجوومەن

**ماددەی شەشەم:**

**یەکەم:** ئەنجوومەن ئەم دەسەڵاتانەی خوارەوە پیادە دەکات:

١ـ دامەزراندن و نوێ کردنەوە و بژارد کردنی تۆماری دەنگدەران لە رێی هەموو جۆرە شێوازێکی تازەی بەردەست، لەسەر لایەنە پەیوەندیدارەکانیش پێویستە هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ ئەنجوومەندا بکەن بۆ گەیشتن بەو مەبەستە.

٢ـ پەسەندکردنی تۆمارکردنی لیستی هەڵبژاردنەکان و هاوپەیمانییەتییەکان و پاڵێوراوان بە مەبەستی چوونە ناو هەڵبژاردنەکان و بەشداری کردن تێیدا.
٣ـ متمانە دان بە چاودێرانی هەڵبژاردنەکان و بریکارانی لیستەکانی هەڵبژاردن و ڕاگەیاندکاران و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و ناوخۆیی.
٤ـ یەکلاکردنەوە و بڕیاردان لەو سکاڵا و تانەلێدانانەی لە گشت هەڵبژاردنەکان دەدرێن و بریارەکانیشی مایەی تانەلێدانن لەلایەن دەسەڵاتی دادوەرییەوە لە دادگای پێداچوونەوەی هەرێمدا.
٥ـ پەسەند کردنی ڕێکارەکانی ژماردن و جیاکردنەوە.
٦ـ راگەیاندنی ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنەکان و ڕاپرسییەکان دوای پەسەند کردنی لەلایەن دادگای پێداچوونەوەی هەرێمەوە.
٧ـ دانانی پەیڕەو و ڕێنماییەکان بۆ پاراستنی بێگەردی لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکاندا.
٨ـ پەسەندکردنی هەیکەلی کارگێریی هەڵبژاردن.
٩ـ دامەزراندنی کارمەندانی نووسینگەکانی هەڵبژاردن لە پارێزگاکان و یەکە کارگێریەکاندا.
١٠ـ دارشتنی سیاسەتی دارایی کۆمسیۆن.

دووەم: پاڵاوتن بۆ دامەزراندنی پلە باڵاکان لە بەرێوەبەری بەرێوەبەرایەتیەکان لە کۆمسیۆن و نووسینگەکانی هەڵبژاردن لە پارێزگاکاندا لە رێی پێشنیاز کردنی (٣) سێ پاڵێوراوەوە دەبێ بەگوێرەی بنەمای دەرفەتی یەکسان، لیژنەیەکی تایبەت ئەم کارە جێبەجێ دەکات کە لەلایەن ئەنجومەن دروست دەکرێ و، یەکێك لە پالێوراوەکان لەلایەن ئەنجومەنەوە بە زۆرینەی دوو لەسەرسێ هەڵدەبژێردرێ .

## بەشی پێنجەم
## لێپرسینەوە و کۆتایی هاتن بە ئەندامییەتی

**ماددەی حەوتەم:**

**یەکەم:** ئەندامییەتی لە ئەنجوومەندا لەبەر هۆیەك لەم هۆیانەی خوارەوە کۆتایی پێدێ:
١ـ تەواوبوونی وادەی ئەنجومەن.
٢ـ دەست لەکارکێشانەوە.
٣ـ مردن یان پەککەوتنی ئەندام لە جێبەجێ کردنی ئەرکەکانیدا.
٤ـ دەرچوونی حوکمی دادگایی بنبڕ دەرهەق بە ئەندام لە تاوانێکی ئابڕووبەردا.

٥ـ بەخشینی ئەندامانی ئەنجومەن بەتاك یان بەکۆ لە ئەرکەکانیان لەلایەن پەرلەمانەوە کاتێك کە سەرپێچی حوکمەکانی ئەم یاسایە و پەیرەوەکان دەکەن، ئەویش زۆرینەی دوو لەسەر سێ.

٦ـ ئەگەر سەلمێنرا ئەو زانیاریانەی لەکاتی پالاَوتنیدا بۆ کارەکەی پێشکەشی کردوە ڕاست نەبووە.

٧ـ ئامادە نەبوون بۆ سێ جاری لە دوای یەك و بەبێ بیانوویەکی ڕەوا لە کۆبوونەوەکاندا.

٨ـ لە کاتی پالاَوتنی ئەندام بۆ یەکێك لە ئەنجوومەنە نوێنەرایەتییەکان.

دووەم: لەکاتی چۆل بوونی یەکێك لە کورسییەکانی ئەنجوومەن بەهۆی یەکێك لەو هۆیانەی لە بڕگەکانی سەرەوەدا دیاریکران، ئەندامێکی تر بەهەمان ئالیەتەی لە ناو یاساکەدا هاتووە هەڵدەبژێردرێت.

## بەشی شەشەم
## مافەکانی ئەندام

**ماددەی هەشتەم:**

**یەکەم:** ئەندامانی ئەنجوومەن ئیمتیازاتی (بریکاری وەزارەت)ـیان دەبێ بۆ ماوەی پێنج ساڵ و دەکرێ نوێش بکرێتەوە بۆ یەك جار.

**دووەم:** ئەنجوومەن بۆی هەیە دەرماڵە ببەخشێتە فەرمانبەرەکانی، بە مەرجێك ئەو دەرماڵەیە زیاتر نەبێ لەو دەرماڵەیەی دەبەخشرێتە فەرمانبەرانی پەرلەمان.

**سێیەم:** ئەندامانی ئەنجوومەن ناتوانن لە وەزیفەی گشتیدا دابمەزرێن بۆ ماوەی سێ ساڵ لە بەرواری تەواوبوونی فەرمانەکانیان وەکو کۆمسیار، جگە لە ئەرك و پلە و پایەی ئەکادیمی نەبێ.

**چوارەم:** کۆمسیاران مافی مووچەی خانەنشینیان دەبێ بەبڕی ٨٠٪ لەسەدا هەشتای کۆی ئەو مووچەیەی وەریدەگرن دوای تەواوبوونی فەرمانەکانیان جگە لە حالەتی دەست لەکارکێشانەوە یان لەکارلادان یان تاوانبارکردنی بە تاوانێك کە پەیوەندی بە کارەکەیەوە هەبێ .

**پێنجەم:** ئەگەر یەکێك لە ئەندامانی ئەنجوومەن لە کاتی یان لە ئەنجامی خزمەتکردنی لە کۆمسیۆن تووشی کەم ئەندامی بوو، بەهۆیەوە نەیتوانی ئەرکەکانی جێبەجێ بکات، مووچەیەکی خانەنشینی بۆ دیاری دەکرێ بەگوێرەی بڕگەی چوارەمی ئەم ماددەیە.

**شەشەم:** ئەگەر یەکێك لە ئەندامانی ئەنجوومەن کۆچی دوایی کرد لەکاتی یان لە ئەنجامی خزمەتکردنی لە کۆمسیۆندا یان بەهۆی ئەم خزمەتەوە، ئەوا مووچەیەکی خانەنشینی بۆ خێزانەکەی دەبڕدرێتەوە بەگوێرەی بڕگەی چوارەمی ئەم ماددەیە.

**حەوتەم:** ماوەی خزمەتکردنی ئەندام لە کۆمسیۆن بۆ مەبەستی سەرمووچە و بەرزکردنەوە و خانەنشینی هەژمار دەکرێ.

## بەشی حەوتەم
## سکالآکانی هەڵبژاردن

**ماددەی نۆیەم:**

**یەکەم:** ئەنجوومەن دەسەلآتێکی (حصری)ی هەیە سەبارەت بە جێبەجێ کردنی مەدەنیانەی پەیڕەو و ڕێکارەکانی و، پێویستە ئەنجوومەن هەر کێشەیەکی تاوانکاری ڕووبەڕووی دەسەلآتە تایبەتمەندەکان بکاتەوە ئەگەر هات و بەڵگەیەکی هەبوو سەبارەت بە هەڵسوکەوتێکی تاوانکارانە کە پەیوەندی بە پاکی پرۆسەی هەڵبژاردنەوە هەبێ.

**دووەم:** ئەنجوومەن ئەو ناکۆکیانە چارەسەر دەکا کە لە ئەنجامی خۆئامادەکردن و جێبەجێ کردنی هەڵبژاردن وراپرسییە گشتییەکان دێنە ئاراوە و بۆی هەیە ئەو دەسەلآتە ببەخشێ بە کارگێڕیی هەڵبژاردن بۆ چارەسەرکردنیان لەکاتی ڕوودانیاندا.

**سێیەم:** بڕیارەکانی ئەنجومەن بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی لەسێ ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی لە هەرێمدا بلآو دەکرێنەوە و، ئەنجوومەن بۆی هەیە ڕۆژنامەیەکی تایبەت بەخۆی دەربکا و سایتێکی ئەلکترۆنی بۆ ئەم مەبەستەش دروستکات.

**چوارەم:** لە دادگای پێداچوونەوەی هەرێمی کوردستان دەستەیەکی دادوەریی پێك دێ لەسێ دادوەری تەرخان نەکراو بۆئەوەی چاو بەو تانەلێدانەدا بخشێنێتەوە کە لە بڕیارەکانی ئەنجوومەن دەگیرێن لەلایەن ئەوانەی کە ڕاستەوخۆ لە بڕیارەکانی ئەنجوومەن زەرەرمەندن.

**پێنجەم:** تانەدان لە بڕیارەکانی ئەنجوومەن لەلایەن ئەوانەی زیانیان لە بڕیارەکە بینییوە، ڕاستەوخۆ پێشکەش بە دەستەی دادوەریی هەرێم دەکرێ لە ماوەی سێ ڕۆژ دا لە ڕۆژی دوای بلآوکردنەوەی بڕیارەکە، لەلایەن ئەنجوومەنەوە لەگەڵ ڕەچاوکردنی ڕۆژانی پشووی فەرمی.

**شەشەم:** دەستەی دادوەریی پێویستە ئەو تانانە یەکلایی بکاتەوە کە پێشکەشی کراون ، ئەویش لە ماوەی حەوت ڕۆژدا لەو ڕۆژەوەی کە تانەکەی پێشکەش کراوە و، بڕیارەکانیشی سەبارەت بەو تانانە بنبڕە و ڕێکارەکانی تەماشاکردنی تانەلێدانی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە، لەگەڵ ڕەچاو کردنی یاسای دادبینی مەدەنی ژمارە (٨٣)ی ساڵی ١٩٦٩ی هەمووارکراو و، یاسا ڕێکارییەکانی تر کە لە هەرێمی کوردستاندا جێبەجێ دەکرێن لە هەر شتێك بە دەق لەم یاسایەدا نەهاتبێت.

## بەشی هەشتەم
## حوکمە جۆراوجۆر و کۆتاییەکان

**ماددەی دەیەم:**

ئەنجومەن پێویستە میکانیزمی گونجاو دابنێ بۆ زامن کردنی بەشداریکردنی هاولاتییان لە دەرەوەی کوردستان ـ عێراق لە هەڵبژاردنەکان و ڕاپرسیەکاندا.

**ماددەی یازدەیەم:**

ئەنجومەن دەتوانێ پشت بە شارەزاو پسپۆڕی نێودەوڵەتی و ناوخۆیی بوارەکانی هەڵبژاردن و ڕاپرسی ببەستێ لە قۆناغەکانی سازدان و گەلاڵەکردن و ئامادەکاری و ئەنجامدانی هەڵبژاردن و ڕاپرسییەکاندا.

**ماددەی دوازدەیەم:**

ئەنجومەن دەبێ هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بکات لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و ناوخۆیی، هەروەها لەگەڵ بریکاری کیانە سیاسیەکان و ڕاگەیاندنکاران بۆ ئاسانکاریی پرۆسەی چاودێریکردنی هەڵبژاردنەکان و ڕاپرسیەکان بەمەبەستی زامن کردنی پاکییان.

**ماددەی سێزدەیەم:**

پێویستە ئەنجومەن:-

**یەکەم:** ڕاپۆرتی وەرزی ئامادە بکا لەبارەی ئەرکەکانی و پێشکەشی پەرلەمانی بکات.

**دووەم:** ڕاپۆرتێکی کۆتایی بە وردەکارییەکانەوە دەربکات لە بارەی هەر پرۆسەیەکی هەڵبژاردنەوە بە هەمو قۆناغەکانیەوە و، پێشکەشی پەرلەمانی بکات.

**ماددەی چواردەیەم:**

سەرۆکی ئەنجوومەن لەکاتی گفتوگۆ و وەلامدانەوەی فەرمی لەگەڵ ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتەکان و فەرمانگە فەرمییەکانی تردا ، دەسەلاتی وەزیری هەیە.

**ماددەی پازدەهەم:**

**یەکەم:** کۆمسیۆن بودجەیەکی سالانەی سەربەخۆی دەبێ بەگوێرەی ڕێنمایی و ڕێسا پەیڕەوکراوەکان دەبێ و لەلایەن ئەنجومەنەوە پێشنیاز دەکرێ بە ڕاوێژ لەگەڵ وەزارەتی دارایی و ئابووری و، پەرلەمان پەسەندی دەکات و دەخرێتە ناو بودجەی گشتی هەرێم.

**دووەم:** ژمێرکاری کۆمسیۆن لە ژێر چاودێری و وردبینی دیوانی چاودێری دارایی هەرێم دادەبێت.

**ماددەی شازدەیەم:**

ئەنجومەن بە زۆرینەی ڕەهای ژمارەی ئەندامەکانی ئەم ئەرکانەی خوارەوە ئەنجام دەدا:

**یەکەم:** دارِشتنی پەیڕەوێکی ناوخۆی تایبەت بەخۆی.
**دووەم:** دارِشتنی پەیڕەوێکی تایبەت بۆ دامەزراوەکانی کۆمسیۆن.
**سێیەم:** کردنەوە و هەڵوەشاندنەوە و بەیەکەوە گرێدانی بەڕێوەبەرایەتیەکان یان بەشەکان یان هۆبەکان لەکاتی پێویستیدا.
**چوارەم:** دەرکردنی پەیڕەوی پێویست بۆ ئاسانکاریی جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

**ماددەی حەڤدەیەم:**
ئەنجومەن مافی ئەوەی هەیە کە پێشنیازی ئەو یاسایانە بکا بۆ پەرلەمان کە پەیوەندییان بە هەڵبژاردنەکان و ڕاپرسییە گشتییەکانەوە هەیە.

**ماددەی هەژدەیەم:**
لە پێکهاتەی کۆمسیۆندا هاوسەنگی لە نوێنەرایەتیی پێکهاتە نەتەوەییەکاندا مسۆگەر دەکرێت.

**ماددەی نۆزدەیەم:**
کۆمسیۆن لە ماوەیەك کە زیاتر نەبێ لە (٩٠) نەوەد ڕۆژ لە دوای بلاْوکردنەوەی ئەم یاسایە پێکدەهێنرێت.

**ماددەی بیست:**
کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێك ناکرێ کە پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێ.

**ماددەی بیست و یەك:**
لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان پێویستە حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی بیست و دوو:**
ئەم یاسایە لە ڕۆژی بلاْوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)ـەوە جێبەجێ دەکرێ.

**مسعود بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان ـ عێراق**

**هەولێر**
**٢٦ / ٢٠١٤/٨**

**هۆیەکانی دەرچوواندنی ئەم یاسایە**

لەبەر پێویستی نیشتمانی بۆ دامەزراندنی دەستەیەکی بالاْی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان و ڕاپرسیی و، بۆ ئەوەی پێکهاتە و ئەرکەکانی کە دەکەوێتە ئەستۆی ڕێك بخرێن لە ڕێی دەستەیەکی بالاْی بێ لایەن و سەربەخۆ و پەیوەست بە پەرلەمانی کوردستان ـ عێراقەوە، ئەم یاسایە دەرچوێندرا.

**بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان**

**هەرێمی کوردستان - عێراق**

**سەرۆکایەتی هەرێم**

**سەرۆك**

**بەناوی گەلەوە**

**بـڕیـاری ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠١٤**

**بە پێی ئەو دەسەڵاتەی لە بڕگەی (١)ی ماددەی (١٠)ی یاسای سـەرۆکایەتی هـەرێمی کوردسـتان – عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراو پێمان دراوەو، بە پاڵپشتی ئەو یاساکارییەی پەرلەمانی کوردستان – عێراق کردویەتی لە دانیشتنی ژمارە (١٩) لە ٢٤/ ٧/ ٢٠١٤ بریارماندا بەدەرکردنی:**

**یاسای ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٤**

**یاسای پێدانی بودجەی حزبەکان لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق**

**ماددەی یەکەم:**

**ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بودجەیەکی ساڵانە بۆ حیزبە سیاسییە مۆڵەت پێدراوەکان لە هەرێمی کوردستان لە بودجەی گشتییدا دابین دەکات.**

**ماددەی دووەم:**

**بودجەی تەرخانکراو بۆ حیزبە سیاسییە مۆڵەت پێدراوەکان بریتی دەبێت لە (١%) لە سـەدا یـەکی بودجەی گشتی هەرێمی کوردستان و، بەم پێوەرانە دابەش دەکرێت:**

**یەکەم: کورسیی پەرلەمان دەکرێتە بنەما و، بەهای هـەر کورسـییەك مانگانـە (٠,٠٠٠٣٧٥%)ی بودجەی گشتییە.**

**دووەم: ژمارەی کورسییەکانی دوایین دوو خولی هەڵبژاردنی پەرلەمان بۆ هەر حیزبێك کۆدەکرێتەوە و، هەر حیزبێکی کوردستانی لە یەکەم خولی هەڵبژاردنی پەرلەمانەوە کورسـییەکی بـۆ کـۆی ژمارەی کورسییەکانی زیاد دەکرێت بە مەرجێك لە هەر خولێکدا ژمارەی کورسییەکانی لە (٤) چوار کورسیی کەمتر نەبێ.**

**سێیەم: هەر حیزبێك بەشداری هەڵبژاردنی خـولی بـەردەوامی پەرلـەمانی کوردسـتانی کردبێـت و کورسـیی بەدەست نەهێنابێ، بەڵام ڕێژەی (٤٠%) لە سەدا چل یان زیاتری دەنگی پێویست بۆکورسی بە دەست هێنابێ، بەهای دوو کورسـیی بۆ هەژمار دەکرێت.**

**چوارەم: هەر حیزبێك بەشداری خولی بەردەوامی پەرلەمانی کردبێت و کورسـیی بەدەست نەهێنابێ، بەڵام ڕێژەی (٢٠% - ٣٩%)ی دەنگی پێویست بۆ کورسـیی بە دەست هێنابێ، بەهای یەك کورسـیی بۆ هەژمار دەکرێت.**

**پێنجەم:** هەر حیزبێکی بەشداربوو لە خەباتی رزگاریخوازی کوردستان بە هەمان ناو کە خاوەنی یەك کورسیی بێت لە خولی بەردەوامی پەرلەمانی کوردستاندا دوای کۆکردنەوەی ژمارەی کورسییەکانی لەخولی پێشوو، بەهای دوو کورسیی بۆ هەژمار دەکرێت.

**شەشەم:** هەر حیزبێك پێش راپەڕین بەشداریی خەباتی رزگاریخوازی کوردستانی کردبێت و لە خولی بەردەوامی پەرلەماندا کورسیی هەبێت، نابێت لە (٠,٠٠١٨٥٪)ی بودجەی گشتی کەمتر وەربگرێت.

**حەوتەم:** هەر حیزبێك یان قەوارەیەکی سیاسی، کە خاوەنی کورسیی کۆتای خولی بەردەوامی پەرلەمانە، ئەوا بەهای ئەو کورسییەی مانگانە (٠,٠٠٠٥٪)ی بودجەی گشتییە بەدەر لە حوکمی بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە.

**ماددەی سێیەم:**

ئەو حیزبانەی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە، بێبەش دەکرێن لە بودجەی سالآنە، لە حالەتی هەڵوەشاندنەوە، یان سەرپێچی کردن لە حوکمەکانی یاسای ژمارە (١٧)ی سالی ١٩٩٣ی هەموارکراو

**ماددەی چوارەم:**

بەپێی سیستەمی ژمێریاریی کارپێکراو لە هەرێمدا وردبینی بودجەی حیزبەکان ئەنجام دەدرێت و، دەکەوێتە ژێر چاودێری دیوانی چاودێری دارایی.

**ماددەی پێنجەم:**

پێویستە لەسەر وەزارەتی دارایی و ئابووری رێنمایی پێویست دەربکات بۆ جێ بەجێ کردنی ئەم یاسایە.

**ماددەی شەشەم:**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی حەوتەم:**

ئەم یاسایە لە رۆژی بلاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا کاری پێدەکرێت.

**مسعود بارزانی**

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان ـ عێراق**

**هەولێر**

**٢٠١٤/٨/٢٦**

## هۆیەکانی دەرچوواندنی

لە پێناوی گەشەکردن و پەرەپێدان بە پرۆسەی سیاسی و فرە حیزبی لە هەرێمدا و، چەسپاندنی دیموکراسیەت و بەشداریی چالاك لە ژیانی سیاسیدا، هەروەها رێکخستنی بودجەی حزبە مۆڵەت پێدراوەکان لە هەرێم بەشێوەیەکی شەفاف و دادپەروەرانە لە بودجەی گشتیدا، ئەم یاسایە دەرچوێندرا

**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە : ١٦٥٥٤ لە ٢٠١٤/٨/٢٧**

**ئاماژە بە هەردوو نووسراوی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران ١٦١٦ لە ٢٠١٤/٣/٩ و ٤٤٢٣ لە ٢٠١٤/٧/٢١ و بە پێی ئەو دەسەلاتەی پێمان دراوە لە ماددە/١ بڕگەی یەکەم لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە ٦ی ساڵی ٢٠٠٩ ئەم ڕێنماییەی خوارەوەمان دەرکرد:**

**ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٤**

**ڕێنمایی لیژنەی بەدواداچوونی بەکارهێنانی ئۆتۆمبیلی میری**

**مادەی یەکەم : پێناسەکان**

**مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە ماناکانیان بەرامبەریان دیاری کراوە بۆ مەبەستی ئەم ڕێنماییە :**

**١- وەزارەت : وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان .**

**٢- وەزیر : وەزیری ناوخۆی هەرێمی کوردستان .**

**٣- لیژنە : لیژنەی بەدواداچوونی بەکارهێنانی ئۆتۆمبیلی میری .**

**٤- ئۆتۆمبیلی میری : ئەم ئۆتۆمبیلەی کە تۆمارکراوە لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی هاتووچۆ و ژمارەی میری بۆ تەرخانکراوە .**

**٥- دادگا : دادگاکانی لێکۆڵینەوە لە هەرێمی کوردستان .**

**٦- باج : ئەوباجەی کەوا لەلایەن لیژنەی بەدواداچوونی بەکارهێنانی ئۆتۆمبیلی میری ڕێکدەخرێت و دابەش دەکرێتە سەر ئەو ئۆتۆمبیلانەی کە ڕێگەیان پێ دەدرێت .**

**مادەی دووەم :**

**مەبەست لە دەرکردنی ئەم ڕێنماییە :**

**١- بۆ ڕێکخستنی هاتووچۆ و خراپ بەکارنەهێنانی ئۆتۆمبیلی میری کە لە ئەستۆی فەرمانبەر و کارمەندانی میرین .**

**٢- کەم کردنەوەی خەرجییەکان و بە یاسایی کردنی بەکارهێنانی ئۆتۆمبیلەکان .**

**ماددەی سێهەم :**

**یەکەم: سەرجەم ئەو ژمارە شارستانیانەی دراون بە ئۆتۆمبێلە میرییەکان وەردەگیرێتەوە جگە لەو ژمارانەی تەرخان کراون بۆ ئۆتۆمبێلی بەرێز وەزیر و بریکاری وەزیر و پارێزگارەکان .**

**دووەم :** لەكاتی نەگەراندنەوەی ئەو ژمارانە دوای ئاگادار كردنیان دوای (٣) رۆژ فەرمانگەی یاسایی بەرێوەبەراتیەكانی هاتووچۆی هەرێم هەڵدەستێت بە تۆماركردنی سكالاْ لە دادگا دژی ئەوانەی ژمارەكان ناگەرێننەوە .

**سێهەم :** لە كاتی گەرانەوەی ژمارەی شارستانی دەبێت ئەستۆپاكی لەلایەن بەشی سزاكانی هاتووچۆ بكرێت .

**چوارەم :** رێكخستنی جۆرە باجێك لەلایەن لیژنەی بەدواداچوونی بەكارهێنانی ئۆتۆمبیلی میری كە بەلای چەپی خوارەوەی جامی پێشەوەی ئۆتۆمبیلەكە دەلكێندرێت .

**پێنجەم :** دەست بەسەرداگرتنی ئەو ئۆتۆمبێلە حكومیانەی كە دوای دەوام بێ باج بەكاردەهێنرێن لە گۆرەپانی بەرێوەبەرایەتیەكانی هاتووچۆ / بەشی یاسایی ئەو بەرێوەبەرایەتیانە هەڵدەستێت بە تۆماركردنی سكالاْ دژی شوفێری ئۆتۆمبێلەكە .

**شەشەم :** ئۆتۆمبێلەكانی فریاگوزاری ( پۆلیس ، هاتووچۆ ، ئەمبولانس ، ئەوانەی ئامێری ئاگاداركردنەوەی لەسەربەستراوە ) ناگرێتەوە .

**حەفتەم :** بەكارهێنانی ژمارەی دەرەوەی هەرێم بۆ ئۆتۆمبێلە حكومیەكان قەدەغەیە و دەستی بەسەر دادەگیرێ و رێوشوێنی یاسایی لەگەڵ دەكرێت .

**هەشتەم :** دوای كاتژمێر(٥)ی ئێوارە هەر ئۆتۆمبیلێكی میری بەبێ باج لە شەقامەكاندا بسوورێتەوە دەستی بەسەر دادەگیرێ و رێوشوێنی یاسایی لەبەرامبەریدا لەگەڵ دەكرێت .

**ماددەی چوارەم :**

لەسەر هەموو بەرێوەبەرایەتی هاتووچۆی سنوری پارێزگاكان و ئیدارەكان ئەم رێنماییە جێبەجێ بكەن.

**ماددەی پێنجەم :**

كار بەهیچ رێنماییەكی تر ناكرێت دوای دەرچوونی ئەم رێنماییە .

**ماددەی شەشەم :**

ئەم رێنماییە كاری پێدەكرێت لەرۆژی بلاْوبوونەوەی لە رۆژنامەی وەقایعی كوردستان .

**كريم سنجاری**

**وەزیری ناوخۆ**

**پەرلەمانی کوردستان – عێراق**

**ژمارە : ٢٦٨٤/٣/٤**

**رێکەوت : ٢٠١٤/٩/٢**

**((روونکردنەوە))**

**هە ڵەیەکی ماددی لە وەرگێران و دارشتنەوەی ( القسم – ٢٤- سبب الوفاة جراء المخاطرة بالقيادة) لە یاسای هاتووچۆی عێراق ژمارە (٨٦)ی ساڵی ٢٠٠٤ کە بە یاسای ژمارە (٣٦) ی ساڵی ٢٠٠٧ لە هەرێمی کوردستان بەرکارکراوە ، روویداوە. ئەم بەشەی یاسا کە پێکهاتووە لە چوار برگە، لە دەقە ئینگلیزییەکەدا ئاماژە بە سزای گرتن یان پێبژاردن دەکات بە (or) واتە (یان ) هاتووە نەك (and) واتە (و) واتە یەکێك لەم دوو سزایانە دەرهەق بەو کەسە جێبە جێ بکرێت . کەچی لە گشت پەرتووکەکان کە دەقی وەرگێردراوی عەرەبی ئەم یاسایەی تێدا هاتووە, بە ( و ) ترجمە کراوە (و) یش لە زمانی عەرەبی بۆ (عطف)ـە واتە هەروەها . هەر بەم شێوازە لەدادگاکان هەردوو سزا بەند کردن و پێبژاردن دەرهەق بەکەسانێك جێبەجێ دەکرێت کە بوونەتە هۆکاری ئەنجامدانی ئەم رووداوە. بۆیە بە پێویست زانرا ئەم روونکردنەوە فەرمییە بدەین و, لایەنی پەیوەندیداری لێ ئاگادار بکەنەوە و لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان ) دا بلاوبکرێتەوە.**

**فخرالدين قادر عارف**
**سکرتێری پەرلەمانی کوردستان – عێراق**

**وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو**

**بەیانی ساڵی ٢٠١٤**

**بەپێی ئەو دەسەلاتەی پێماندراوە لە (ماددەی پێنجەم/ برگەی دووەم ) لە یاسای وەزارەتی کشتوکاڵ وسەرچاوەکانی ئاو ژمارە (٦)ی ساڵی٢٠١٠ بریارماندا بە : -**

**١- کردنەوەی (بەشی پیشەسازی خۆراك) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلان دانان وبەدواداچوون و پەیوەست کردنی ئەو بەشە بە(بەرێوەبەرایەتی خزمەتگوزاری کشتوکاڵی)لە هەمان بەڕێوەبەرایەتی گشتی.**

**٢- کردنەوەی(هۆبەی پیشەسازی خۆراك) لە بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکانی کشتوکاڵ لە پارێزگاکانی هەرێم وئیدارەی گەرمیان وپەیوەست کردنی ئەو هۆبەیە بە(بەشی پلان دانان و بەدواداچوون) لە هەمان بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکان .**

**٣- ئەم بەیانە لە رۆژی دەرچوونیەوەجێبەجێ دەکرێت رێکەوت ٢٨ /٨ /٢٠١٤**

**عبدالستار مجید**
**وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو**

---

**وەزارەتی تەندروستی**

**بەپێی ئەو دەسەلاتەی پێماندراوە لە (ماددەی شەشەم/ برگەی دووەم) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥) ساڵی ٢٠٠٧ ، بریارماندا بە :-**

**بەیانی ژمارە ( ٨٩ ) ساڵی ٢٠١٤**

**- کردنەوەی (ئەم هۆبانەی خوارەوە ) لە نەخۆشخانەی گشتی قەلادزێ سەربە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی ڕاپەڕین .**

**- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکریت لە رۆژی دەرچوونی رێکەوتی ٢٠١٤/٨/١٤ .**

**- هۆبەی ١- خۆیەتی ٢- لە دایك بوون و مردن ٣- فایل ٤- هاتووچۆ ٥- بانکی خوێن ٦- کۆگای کەل و پەل ٧- چاودێری چڕ ٨- منداڵان+ ناکام ٩- نەشتەرگەری ١٠- چارەسەری سروشتی .**

**بەیانی ژمارە ( ٩٠ ) ساڵی ٢٠١٤**

**- کردنەوەی (هۆبەی یاسایی) لە نەخۆشخانەی ئافرەتان و لە دایك بوونی فێرکاری سەربە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر.**

**- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکریت لە رۆژی دەرچوونی رێکەوتی ٢٠١٤/٨/١٤ .**

**د.ڕێکەوت حمە رشید کریم**
**وەزیری تەندروستی**

بسم الله الرحمن الرحيم

**إقليم كوردستان – العراق**

**رئاسة الاقليم**

**الرئيس**

**باسم الشعب**

**قـرار رقم (١٠) لسنة ٢٠١٤**

وفقا للصلاحيات الممنوحة لنا في الفقرة الأولى من المادة العاشرة لقانون رئاسة إقليم كوردستان – العراق رقم (١) لسنة ٢٠٠٥ المعدل و بناءاً على ما شرعه برلمان كوردستان – العراق في جلسته المرقمة (١٨) في ٢٠١٤/٧/٢٣ قررنا إصدار:

**قانون رقم (٤) لسنة ٢٠١٤**

**قانون المفوضية العليا المستقلة للانتخابات والاستفتاء**

**الفصل الاول**

**المادة الأولى:**

يقصد بالمصطلحات والتعابير الآتية المعاني المبينة إزاءها لأغراض هذا القانون :

أولاً: البرلمان: برلمان كوردستان ـ العراق.

ثانياً: المفوضية: المفوضية العليا المستقلة للانتخابات والاستفتاء.

ثالثاً: الاقليم: اقليم كوردستان ـ العراق

رابعاً: المجلس: مجلس المفوضين.

**الفصل الثاني**

**المادة الثانية:**

أولاً: تؤسس بموجب هذا القانون هيئة تسمى المفوضية العليا المستقلة للانتخابات والاستفتاء لتكون السلطة الحصرية التي تقوم بإجراء جميع الانتخابات والاستفتاءات العامة على مستوى كوردستان-العراق و أنحائه كافة.

ثانياً: المقر الرئيسي للمفوضية في محافظة أربيل العاصمة وتفتح لها مكاتب في مراكزمحافظات كوردستان ـ العراق والوحدات الإدارية عند الاقتضاء.

**المادة الثالثة :**

المفوضية، هيئة مهنية مستقلة ومحايدة تتمتع بالشخصية المعنوية وتخضع لرقابة البرلمان، وتكون مسؤولة أمامه.

**المادة الرابعة : تتولى المفوضية ما يلي:**

**أولاً: وضع الأسس والقواعد المتبعة دولياً للانتخابات والاستفتاءات العامة التي تجري في جميع انحاء كوردستان ـ العراق لضمان تنفيذها بصورة عادلة ونزيهة.**

**ثانياً: الإشراف على الانتخابات والاستفتاءات العامة في جميع انحاء كوردستان العراق.**

**ثالثاً: القيام باعلان موعد الانتخابات والاستفتاءات العامة ، وفقا للقوانيين النافذة.**

**رابعاً: تنظيم وتنفيذ كافة انواع الانتخابات والاستفتاءات العامة في جميع انحاء كوردستان العراق.**

**خامساً:إدارة عملية تسجيل الناخبين وتنظيم وتحديث سجلاتهم لضمان حق الاقتراع.**

**سادساً: تسجيل القوائم الانتخابية والائتلافات وتصديقها، وفقاً للقوانين ذات العلاقة.**

**سابعاً: تنظيم وتنفيذ عملية تسجيل ممثلي القوائم الانتخابية ومراقبي الانتخابات من المنظمات والإعلاميين الدولية والمحلية وغيرهم.**

**ثامناً: تنظيم وإجراء عملية العد والفرز لأصوات الناخبين، واعلان النتائج داخل المحطات على ان يزود الكيانات بنسخة من محاضر العد والفرز.**

**تاسعاً: إعلان النتائج الأولية للانتخابات والاستفتاءات على ان لاتزيد على (٧٢) اثنين وسبعين ساعة، والنتائج النهائية بعد المصادقة عليها من الجهة القضائية المختصة.**

**عاشراً: العمل على بناء الثقة في العملية الانتخابية لدى كافة أوساط المجتمع الكوردستانى وتعزيز الثقافة الانتخابية عبر إدامة الصلة مع كافة شركاء العملية الانتخابية .**

## الفصل الثالث
## تشكيلات المفوضية

**المادة الخامسة :**

**تتألف المفوضية من:**

**أولاً: مجلس المفوضين.**

**ثانياً: الإدارة الانتخابية.**

**أولاً: مجلس المفوضين:**

**١ـ مجلس المفوضين: يتألف من ( ٩ ) تسعة اعضاء يختارهم البرلمان بالاغلبية المطلقة لعدد اعضائه بعد ترشيحهم من قبل لجنة خاصة يشكلها البرلمان على ان يكون اثنان من أعضاء المجلس على الأقل من القانونيين و على ان يضمن تمثيل النساء والمكونات وتكون مدة ولاية المجلس(٥) خمس سنوات تقويمية.**

٢ـ يشترط فيمن يرشح للمجلس ما يلي:
أ ـ ان يكون من مواطني كوردستان ـ العراق، ومقيماً فيه إقامة دائمة.
ب ـ ان يكون حاصلاً على شهادة جامعية أولية على الأقل.
ج ـ لا يقل عمره عن ( ٣٠ ) ثلاثين سنة.
د ـ ان يكون من ذوي الخبرة والمشهود له بالكفاءة والنزاهة والحياد.
هـ ـ ان يكون حسن السيرة والسلوك وغير محكوماً بجريمة مخلة بالشرف.
و ـ لم يشارك في الجرائم التي خطط لها أو ارتكبها نظام البعث في العراق لقمع الشعب الكوردستاني وعموم الشعب العراقي ولم يكن بعثياً وفقاً للقانون رقم (١٨) لسنة ٢٠٠٣.
ز ـ ان لا يكون منتميا الى أي حزب سياسي اثناء عضويته في المجلس.
٣ ـ يؤدي أعضاء المجلس اليمين القانونية أمام مجلس القضاء في الإقليم وبالصيغة التالية:
(اقسم بالله العظيم ان أودي مسؤوليتي القانونية والمهنية بأمانة وتفان وإخلاص واعمل على انجاز المهام الموكلة إلي باستقلال وحياد، والله على ما أقول شهيد ) .
٤ ـ
أ ـ ينتخب المجلس في جلسته الأولى باغلبية الثلثين لعدد أعضائه رئيساً ونائباً ومقرراً للمجلس ورئيساً للإدارة الانتخابية.
ب ـ رئيس المجلس هو الممثل القانوني للمفوضية.
٥ ـ يمارس رئيس المجلس أو من ينوب عنه الصلاحيات الآتية :
أ ـ إدارة إعمال المجلس الإدارية والتنظيمية.
ب ـ إعداد جدول اجتماعات المجلس وعقدها وترؤسها ، بما في ذلك إي اجتماع يطلبه ثلاثة من أعضاء المجلس على الأقل.
ج ـ أية مهام أخرى يكلفها به المجلس.
٦ ـ يكون اجتماع المجلس صحيحاً بحضور الأغلبية المطلقة لعدد أعضائه وتتخذ قراراته بأغلبية الحاضرين و في حال تساوي الأصوات يرجح الجانب الذي يصوت معه الرئيس.

**ثانياً: الإدارة الانتخابية:**

١- تتألف الإدارة الانتخابية من المكتب العام والمكاتب الانتخابية في المحافظات والوحدات الإدارية وفقاً للهيكلية المقترحة من الإدارة الانتخابية والمصادق عليها من قبل المجلس.
٢- تتولى الإدارة الانتخابية مسؤولية تنفيذ الأنظمة والتعليمات الصادرة من قبل المجلس وإدارة كافة النشاطات ذات الطابع العملياتي والتنفيذي والاجرائي.

## الفصل الرابع
## صلاحيات المجلس

**المادة السادسة:**

**أولاً: يمارس المجلس الصلاحيات الآتية :**

١ـ إنشاء وتحديث وتنقيح سجل الناخبين عبر جميع الوسائل الحديثة المتاحة، وعلى الجهات المعنية التعاون والتنسيق مع المجلس تحقيقاً لهذا الغرض.

٢ـ المصادقة على تسجيل القوائم الانتخابية والائتلافات والمرشحين لغرض خوض الانتخابات والمشاركة فيها.

٣ـ اعتماد مراقبي الانتخابات ووكلاء القوائم الانتخابية والاعلاميين ومنظمات المجتمع المدني على الصعيدين الدولي والداخلي.

٤ـ البت في الشكاوى والطعون الانتخابية كافة وتكون قراراتها قابلة للطعن أمام الهيئة القضائية في محكمة تمييز الإقليم.

٥ـ المصادقة على إجراءات العد والفرز.

٦ـ اعلان النتائج النهائية للانتخابات والاستفتاءات بعد المصادقة عليها من قبل محكمة تمييز الإقليم

٧ـ وضع الأنظمة والتعليمات التي تحفظ للعملية الانتخابية نزاهتها.

٨ـ المصادقة على هيكلية الإدارة الانتخابية.

٩ـ تعيين منتسبي المكاتب الانتخابية في المحافظات والوحدات الإدارية.

١٠ـ رسم السياسة المالية للمفوضية.

**ثانياً:** الترشيح للتعيين في الدرجات العليا من مدراء الدوائر في المفوضية والمكاتب الانتخابية في المحافظات يكون باقتراح ثلاث مرشحين وفقا لمبدأ تكافؤ الفرص، وذلك من قبل لجنة خاصة يشكلها المجلس، ويتم اختيار احدهم من قبل المجلس بأغلبية الثلثين.

## الفصل الخامس
## المسائلة وانتهاء العضوية

**المادة السابعة:**

**أولاً: تنتهي العضوية في المجلس لأحد الاسباب الآتية :**

١ـ انتهاء ولاية المجلس.

٢ـ الاستقالة.

٣ـ الوفاة أو عجز العضو عن أداء مهامه.

٤ـ صدور حكم قضائي بات بحق العضو في جريمة مخلة بالشرف.

٥ـ إعفاء البرلمان لأعضاء المجلس مجتمعا أو منفرداً من مهامهم عند مخالفتهم لأحكام هذا القانون و الانظمة باغلبية الثلثين.

٦ـ إذا ثبت عدم صحة المعلومات التي أدلى بها عند الترشح للوظيفة.

٧ـ غياب متتالي لثلاث جلسات بدون عذر مشروع.

٨ـ عند ترشيح العضو لإحدى المجالس النيابية.

ثانياً: في حال شغور احد مقاعد المجلس لأحد الأسباب الواردة في الفقرات أعلاه يتم اختيار عضو آخر بنفس الآلية الواردة في هذا القانون.

الفصل السادس

حقوق الاعضاء

المادةالثامنة:

اولاً: يتمتع اعضاء المجلس بامتيازات (وكيل الوزارة) لمدة خمس سنوات قابلة للتجديد لمرة واحدة.

ثانياً: للمجلس منح مخصصات لمفوضيه، لاتتجاوز المخصصات الممنوحة لموظفي البرلمان.

ثالثاً: لا يمكن تعيين اعضاء المجلس في وظائف عامة لمدة ثلاث سنوات من تاريخ انتهاء مهمتهم كمفوضين، بإستثناء الوظائف و المناصب الاكاديمية.

رابعاً: يتمتع المفوضون براتب تقاعدي يبلغ ٨٠٪ من مجموع ما كانوا يتقاضوه من رواتبهم بعد انتهاء مهامهم عدا حالات الاقالة والاستقالة او الادانة بجريمة لها علاقة بعملهم.

خامساً: اذا اصيب احد اعضاء المجلس اثناء او من جراء خدمته في المفوضية، بعوق يمنعه من اداء واجبه، يخصص له راتب تقاعدي حسب الفقرة الرابعة من هذه المادة.

سادساً: اذا توفى احد اعضاء المجلس اثناء او من جراء خدمته في المفوضية او بسببها، يخصص لعائلته راتب تقاعدي حسب الفقرة الرابعة من هذا المادة.

سابعاً: تحتسب خدمة العضو في المفوضية لاغراض العلاوة والترفيع والتقاعد.

الفصل السابع

الشكاوى الانتخابية

المادة التاسعة:

أولاً: يتمتع المجلس بسلطة حصرية فيما يتعلق بالتنفيذ المدني لاجراءاته وانظمته و يجب على المجلس ان يحيل اية قضية جنائية إلى السلطات المختصة إذا توفر لديها دليلا على سوء تصرف جنائي يتعلق بنزاهة العملية الانتخابية.

ثانياً: على المجلس حل النزاعات الناجمة عن إعداد وتنفيذ الانتخابات والاستفتاءات العامة وله ان يفوض هذه الصلاحية للإدارة الانتخابية لحلها حال وقوعها.

**ثالثاً:** تنشر قرارات المجلس في ثلاث صحف محلية يومية في الإقليم وباللغتين الكوردية والعربية، و للمجلس الحق بإصدار صحيفة خاصة وإنشاء موقع الكتروني لهذا الغرض.

**رابعاً:** تشكل في محكمة تمييز إقليم كوردستان هيئة قضائية مكونة من ثلاث قضاة غير متفرغين للنظر في الطعون التي تقدم على قرارات المجلس من قبل المتضررين من قرارات المجلس مباشرة

**خامساً:** تقدم الطعون في قرارات المجلس من قبل المتضررين من قرارات المجلس مباشرة الى الهيئة القضائية في الاقليم، خلال مدة ثلاثة أيام تبدأ من اليوم التالي لنشر القرار من قبل المجلس، مع مراعاة ايام العطل الرسمية.

**سادساً:** على الهيئة القضائية حسم الطعون المقدمة إليها خلال مدة سبعة أيام من تاريخ تقديم الطعن إليها وتعتبر قراراتها بشأن الطعون باتاً ويخضع إجراءات نظرها للطعون لأحكام هذا القانون مع مراعاة قانون المرافعات المدنية رقم ( ٨٣ ) لسنة ١٩٦٩ المعدل والقوانين الإجرائية الأخرى النافذة في الاقليم فيما لم يرد به نص في هذا القانون.

## الفصل الثامن
## إحكام متفرقة وختامية

**المادة العاشرة :**

على المجلس وضع الآليات المناسبة لضمان مشاركة المواطنين خارج كوردستان ـ العراق في الانتخابات والاستفتاءات.

**المادة الحاديةعشرة :**

للمجلس الاستعانة بخبراء دوليين ومحليين في مجال الانتخابات والاستفتاءات في مراحل الإعداد والتحضير وإجراء الانتخابات والاستفتاءات.

**المادة الثانيةعشرة :**

على المجلس التنسيق والتعاون مع منظمات المجتمع المدني على الصعيدين الدولي و الداخلي وممثلو الكيانات السياسية والاعلامين لتسهيل عملية مراقبة الانتخابات والاستفتاءات وذلك لضمان نزاهتها.

**المادة الثالثةعشرة :** على المجلس:

**أولاً:** إعداد تقارير فصلية عن مهامها و تقديمها إلى البرلمان.

**ثانياً:** اصدار تقرير نهائي تفصيلي عن كل عملية انتخابية بجميع مراحلها و تقديمها الى البرلمان.

**المادة الرابعةعشرة :**

لرئيس المجلس صلاحية الوزير فيما يتعلق بالمخاطبات الرسمية مع مجلس الوزراء والوزارات والدوائر الرسمية الاخرى.

المادة الخامسةعشرة:

اولاً: تكون للمفوضية ميزانية سنوية مستقلة يتم اعدادها وفقا للاسس والقواعد المتعارف عليها تقترح من قبل المجلس بالتشاور مع وزارة المالية والاقتصاد ، ويصادق عليها البرلمان وتدرج ضمن الموازنة العامة للاقليم.

ثانياً: تخضع حسابات المفوضية للتدقيق والرقابة من قبل ديوان الرقابة المالية في الإقليم.

المادة السادسةعشرة : تتولى المجلس بالاغلبية المطلقة لعدد اعضائه مايلي:

أولاً: وضع نظام داخلي خاص به.

ثانياً: وضع نظام خاص بتشكيلات المفوضية.

ثالثاً: استحداث أو الغاء أو دمج مديريات أو أقسام أو شعب عند الاقتضاء.

رابعاً: اصدار الأنظمة اللازمة لتسهيل تنفيذ أحكام هذا القانون.

المادة السابعةعشرة :

للمجلس حق تقديم مقترحات القوانين المتعلقة بالانتخابات والاستفتاءات العامة الى البرلمان.

المادة الثامنةعشرة:

يضمن في تشكيل المفوضية ما يحقق التوازن في تمثيل المكونات القومية.

المادةالتاسعةعشرة:

تشكل المفوضية خلال مدة لا تتجاوز تسعين يوماً من تاريخ نشر هذا القانون.

المادة العشرون: لا يعمل بأي نص قانوني أو قرار يتعارض و احكام هذا القانون.

المادة الحادية والعشرون:

على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ أحكام هذا القانون.

المادة الثانية والعشرون:

ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية ( وقائع كوردستان).

مسعود بارزاني
رئيس اقليم كوردستان ـ العراق

هەولێر
٢٠١٤/٨/٢٦

الأسباب الموجبة

نظراً للحاجة الوطنية الملحة إلى تأسيس هيئة عليا مستقلة لإجراء الانتخابات والاستفتاءات، وبغية تنظيم تشكيلاتها ومهامها وإناطتها بهيئة عليا محايدة ومستقلة ومرتبطة ببرلمان كوردستان ـ العراق، فقد شرع هذا القانون.

بسم الله الرحمن الرحيم

**إقليم كوردستان – العراق**
**رئاسة الاقليم**
**الرئيس**

**باسم الشعب**

**قرار رقم (١١) لسنة ٢٠١٤**

وفقا للصلاحيات الممنوحة لنا في الفقرة الأولى من المادة العاشرة لقانون رئاسة إقليم كوردستان – العراق رقم (١) لسنة ٢٠٠٥ المعدل و بناءاً على ما شرعه برلمان كوردستان – العراق في جلسته المرقمة (١٩) في ٢٠١٤/٧/٢٤ قررنا إصدار:

**قانون رقم (٥) لسنة ٢٠١٤**

**قانون تمويل الأحزاب في إقليم كوردستان - العراق**

**المادة الأولى:**

يخصص مجلس وزراء إقليم كوردستان ضمن الميزانية العامة ميزانية سنوية لتمويل الأحزاب السياسية المجازة في إقليم كوردستان .

**المادة الثانية:**

تكون نسبة الميزانية المخصصة للأحزاب السياسية المجازة (١٪) واحد في المئة من الميزانية العامة لإقليم كوردستان وتوزع وفقاً للمعايير الآتية:

أولاً: يكون المقعد البرلماني هو المعيار، والقيمة الشهرية لكل مقعد هي (٠,٠٠٠٣٧٥٪) من الميزانية العامة.

ثانياً: يحتسب لكل حزب مجموع مقاعده البرلمانية في الدورتين الانتخابيتين الأخيرتين، ويضاف مقعد واحد لكل حزب من الدورة الانتخابية الأولى شريطة أن لايقل عدد مقاعده في اية دورة انتخابية عن (٤) أربعة مقاعد.

ثالثاً: تحتسب قيمة مقعدين لكل حزب شارك في انتخابات الدورة المستمرة لبرلمان كوردستان ولم يحصل على أي مقعد ولكنه حصل على نسبة (٤٠٪) أربعون في المئة أو أكثر من الأصوات اللازمة للمقعد الواحد.

رابعاً: تحتسب قيمة مقعد واحد لكل حزب شارك في انتخابات الدورة المستمرة لبرلمان كوردستان ولم يحصل على أي مقعد ولكنه حصل على نسبة (٢٠٪-٣٩٪) من الأصوات اللازمة للمقعد الواحد.

**خامساً:** تحتسب قيمة مقعدين لكل حزب شارك بالإسم نفسه في الحركة التحررية الكوردستانية وله مقعد واحد في الدورة الحالية للبرلمان بعد جمع مقاعده في الدورة السابقة.

**سادساً:** يمول بما لاتقل عن نسبة (٠,٠٠١٨٥٪) من الميزانية العامة كل حزب شارك قبل الإنتفاضة في الحركة التحررية الكوردستانية واستحصل على مقعد في الدورة المستمرة للبرلمان.

**سابعاً:** استثناء من أحكام الفقرة (أولاً) من هذه المادة، تحتسب شهرياً لكل حزب أو كيان سياسي نسبة (٠,٠٠٠٥٪) من الميزانية العامة عن كل مقعد حصل عليه من المقاعد المخصصة لـ(الكوتا) في الدورة المستمرة للبرلمان.

**المادة الثالثة:**

تحرم الأحزاب المشمولة بهذا القانون من التمويل السنوي في حال حلها أو مخالفتها لأحكام القانون رقم (١٧) لسنة ١٩٩٣ المعدل.

**المادة الرابعة:**

تدقق ميزانية الأحزاب بموجب نظام المحاسبة المعمول به في الإقليم وهي خاضعة لرقابة ديوان الرقابة المالية.

**المادة الخامسة:**

على وزارة المالية والاقتصاد إصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون.

**المادة السادسة:**

على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ أحكام هذا القانون.

**المادة السابعة:**

ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**مسعود بارزاني**
**رئيس اقليم كوردستان ـ العراق**

**هەولێر**
٢٠١٤/٨/٢٦

## الأسباب الموجبة

بغية تحسين و تطوير العملية السياسية والتعددية الحزبية في الإقليم ، و ترسيخ الديمقراطية والمشاركة النشطة في الحياة السياسية، ولتنظيم ميزانية الاحزاب المجازة في الإقليم بصورة شفافة وعادلة ضمن ميزانية الإقليم، فقد شرع هذا القانون.